# ئیستێتیکای شیعر

بڵند باجەڵان

( ١- ٢ )

**بەشی یەکەم: ئیستێتیکا لە شیعرەکانی (شارڵ بۆدلێر)دا**

**(تەوەری یەکەم)**

**١-١ کورتەیەک لەبارەی ژیان و بەرهەمی (بۆدلێر)ەوە**

(بۆدلێر) یەکێکە لەو شاعیرانەی کە ناکرێ کاتێک باس لە شیعری جیهانی، بە تایبەتیش لە شیعری فەرەنسی دەکەین، باسی ئەو نەکەین، چونکە ئەو شاعیرە کاریگەریی گەورەی لەسەر نوێکردنەوەی شیعر و دووبارە ناساندنەوەی ئیستێتیکای شیعر هەبووە.

ئەو شاعیرە هەموو ژیانی بریتی بووە لە ئازار و ئەشکەنجە و نەهامەتی، سەفەریش میوانی بەردەوامی شاعیر بووە.

دوای تێپەڕینی سەدە و نیوێک بەسەر نووسینی شیعرەکانی شاعیردا، هێشتا تازەگەریی نێو شیعرەکانی فەرامۆش ناکرێ. ئەو شاعیرە لە ساڵی (١٨٢١)دا لەدایکبووە و لە (١٨٥٧)دا (گوڵی خراپە)ی بڵاوکردووەتەوە.

(بۆدلێر) تووشی کێشەی دادگە بووە، (گوڵی خراپە) لەپشت ئەو کێشانەوە بووە.

جیاوازیی دەقی (بۆدلێر) لەوەدایە، کە نازانین بە ڕۆمانسییەکانەوە، یان پەرناسەکان، یان ڕێبازی سیمبۆلیزمی ببەستینەوە.

(بۆدلێر) ئەو کەسە بوو شیعرەکانی (ئیدگار ئالان پۆ)ی وەرگێڕاوە و چەندان کەسیش بە بۆچوونی جیاوازەوە لەبارەی ئەوەوە قسەیان کردووە، بە تایبەتیش (ڤیکتۆر هۆگوو) کە زۆر بە بایەخەوە باسی شیعرەکانی دەکات.

(ئیفابونفوا) بە پێشەوای شیعری نوێی فەرەنسی دادەنێت. (بۆدلێر) چەندان پەخشانیشی هەن، لە ساڵی (١٨٦٧)دا مردووە.

**١-٢ (بۆدلێر) و جوانی**

(بۆدلێر) پێی وایە کە دەبێت هەمیشە جوانی نامۆ و سەرسامکەر بێت، بۆیە لە لای ئەو هەست بە بایەخی جوانیی دەکرێ، بەوەی

گەڕانەوە بۆ جوانی، گەیشتنە بە گەوهەرێک کە سەرسامکەرە و بەخشەری نامۆییە، وەلێ جوانیی نامۆ، مەرج نییە خود بکات بە کەسێکی نامۆ، بەڵکوو چێژی جوانیی پێ دەبەخشێ.

ڕەنگە ئەو نامۆبوونەی جوانی لای شاعیر، پێوەندی بە ئازارە گەورەکانی ئەوەوە هەبێت کە لە (گوڵی خراپە)دا دەیبینین، دەرەنجامی ئازارەکانیش بریتین لە بێزاریی گەورەی شاعیر لە کۆمەڵگەی فەڕەنسی و ژیانی شارنشینی، ئەگەرچی بێزاریی شاعیر لە هەموو ئەوانە گەورەترە و ڕەگێکی میتافیزیکی هەیە.

شیعری (بۆدلێر) بەخشەری جوانییە و لە ڕێگەی شیعری ئەوەوە دەتوانین هەست بەو جوانییە تازانە بکەین کە پێمان دەگەن. ئەو نوێکردنەوەیەی (بۆدلێر) لە شیعردا کردی، ئەوینی ئەومان بۆ جوانی پێ دەناسێنێ، بەو مانایەی کەسێک کە دەیەوێ بە جۆرێکی تر شیعر بنووسێ، گەرەکیەتی جوانییەکی ترمان پێ ببەخشێ، هەر ئەمەشە (ڤیکتۆر هۆگوو) باسی دەکات.

(هۆگوو) پێی وایە شیعری (بۆدلێر) گوڕێکی تازەی بە شیعری فەڕەنسی بەخشی. ئەو جیاوازییانەی شاعیر، وایان کردووە ببین بە خاوەنی جوانیی جیاواز، هەر لەوێشەوەیە کە دەبین بە خاوەنی شیعری جیاواز.

**(تەوەری دووەم)**

**ا- بێزاریی (بۆدلێر) و ئیستێتیکای شاعیر**

وەک گوتمان (بۆدلێر) یەکێک بووە لەو شاعیرانەی بەردەوام هەستی بە بێزاری کردووە لە بەرانبەر کۆمەڵگەی فەڕەنسی و ژیانی شارنشینی، ئەوەشمان گوت کە ئەو بێزارییە ڕەگێکی میتافیزیکی هەیە و درێژکراوەیە، بەو



**بۆدلێر**

مانایەی بێزارییە لە بەرانبەر ژیان، بە مانا فراوانەکەی و ئەوەشی کە ژیان لای ئەو بێزارییە.

ئەگەر بێزارییەکانی (پاریس) بۆ شاعیر فۆرمی یەکەمی بێزاری بن، ئەوە بێزارییەکانی نێو ژیان فۆرمە ڕاستەقینە و مەزنەکەن. ئەو بێزارییە گەورانەی شاعیر ئیستێتیکای گەورەیان بەدوای خۆیاندا هێناوە، ئەوەتا شاعیر ئەو بێزارییە گەورانە بۆ نێو فەزای شیعرەکانی دەگوێزێتەوە و لەوێدا ئیستێتیکای تایبەت لەدایک دەبێت، کە پێویستە لە ئانی مەلەکردن لەنێو شیعرەکانی شاعیردا ئاوڕیان لێ بدەینەوە.

**((مەخابن! ئەوە مەرگە کە ئاشتمان دەکاتەوە،**
**ژیانمان پێ دەبەخشێ**
**ئامانجی ژیانە و تاقە هیواشە، هەر چەشنی**
**ئێلیکسیر دەمانورووژێنێ و مەستمان دەکات،**
**وزەمان دەداتێ بۆ ئەوەی تا ئێوارە ڕەوت بکەین.**
**بەنێو باهۆز و بەفر و شەختەدا**
**ڕۆشناییەکی بەجۆش بۆ ئاسۆی سیامان،**
**خانێکی بەناوبانگە و لەنێو کتێبدا تۆمارە،))**

(قەسیدەی مەرگی هەژاران)

لەم پارچە شیعرەی (بۆدلێر)دا هەست بە بێزارییەکی گەورە دەکەین، ئەو بێزارییە گەورەیە وای کردووە هانا بۆ مەرگ ببرێ و مەرگ ئەو کەسە بێت ژیانمان پێ دەبەخشێ، وەلێ شاعیر خەفەت بۆ ئەوە دەخوات کە مەرگ ئامانجی ژیانە و تاقە هیوایە، ئەو کەسەیە مەستمان دەکات. ئەو جوانبوونەی مەرگ لە شیعرەکەدا، بۆ مردنی ئیستێتیکای نێو ژیان دەگەڕێتەوە، بەو مانایەی ژیان چیتر جوان نییە، ئەوە مەرگە خانێکی بەناوبانگە و لەنێو کتێبدا تۆمار کراوە.

کەواتە کە مەرگ هەمیشە میوان بێت، ئەوە بێزارییە گەورەکانیش هەن، چونکە ئەگەر ژیان هیچی نەبێت پێمانی ببەخشێ، ئەوە ئیتر مردن خەوش نییە و ئیستێتیکایە، هەر ئەمەشە پێی دەڵێن (ئیستێتیکای مەرگ) کە بەرهەمی ئەو بێزارییە گەورانەیە کە لە ژیانەوە پێمان دەگەن.

ئیستێتیکای نێو شیعرەکانی (بۆدلێر)، جیاکەرەوەی شیعری ئەون لە دەقێکی ئاساییدا، لێرەوە دەتوانین وەڵامی فۆرمالیستەکان بدەینەوە کاتێک دەیانپرسی: جیاوازیی نێوان دەقێکی ئەدەبی، لەگەڵ دەقێکی تردا چییە؟.

دەتوانین بڵێین جیاوازیی نێوان هەردوو دەقەکان بەهۆی جیاوازیی ئیستێتیکای دەقەکانەوەیە، چونکە ئیستێتیکای ئەدەب بەگشتی، هەڵگری سیمای تایبەتی خۆیەتی، بەڵام لای فۆرمالیستەکان خودی دەق، یان وەک ئەوەی (بابەک ئەحمەدی) دەڵێ، ئەوەی لە دەقدا ڕەنگی داوەتەوە، بوو بە سەنتەر.

جەختکردنەوەی فۆرمالیستەکان لەسەر گەوهەری سەرەکی و ئەدەبیی دەق و سەربەخۆیی لێکۆڵینەوە، دوو ئادگاری سەرەکی ئەوانن کە (بابەک)یش لە (بەهای شێوە: فۆرمالیستە ڕووسەکان)دا دەیانخاتە ڕوو.

کەواتە ئیستێتیکای نێو شیعرەکانی (بۆدلێر) جیاکەرەوە و تایبەتمەندی شیعری ئەون، وەلێ ئیستێتیکایەکی ڕووت نییە و لە بێزارییە گەورەکانی شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەو بێزارییە گەورانەی شاعیر وایان کردووە، شاعیر ببێتە خاوەنی شیعرێک کە هەڵگری ئازارە، کەواتە هەڵگری ئیستێتیکایە، چونکە زۆر جار ئازار هیچ نییە بێجگە لە جوانی، بەتایبەتی ئەگەر ئەو ئازارانە بەهۆی نەهامەتی مرۆڤ و ژیانی مرۆڤەکانەوە بن.

ئایا بێزاری هەمیشە جوانە؟. ئەگەر سەیرێکی مێژوو بکەین، ئەوە دەبینین هەمیشە کەسانێک بەهۆی ئازارە گەورەکانیانەوە بووە کە لە دیدی خەڵکییەوە جوان دەرکەوتوون، واتە ئەگەر ئەوان ئازار و بێزاری و نەهامەتی زۆریان نەچەشتایە، جوان دەرنەدەکەوتن. ڕۆیشتن بەگوێرەی ڕێڕەوی هەمیشەیی مێژوو، خەڵەتاندنی ئینسانە، واتە ئینسان بۆ مانەوە بە هەمیشەیی، مەرج نییە بوونێکی هەمیشەیی بە مێژوو بدات، بەڵکوو دەشێ دەربڕینی کۆتایی مێژووش لەبەرچاو بگرین، بەوەی کە دەکرێ مێژوو لە خاڵێکدا بە کۆتا بگات، وەلێ ئەوەی لەدوای کۆتایی مێژووشەوە دەمێنێتەوە، ئیستێتیکای مێژووە.

کاتێک کە مێژوو تەواو دەبێت، ئەوەی بۆمان دەمێنێتەوە کۆتاییەکانی ئەو مێژووەیە، ئەوەیش لەو کۆتاییانەدا دەمێنێتەوە، خودی کۆتاییەکان نییە، بەڵکوو ئیستێتیکای نێویانە، سەرەڕای بێزارییە گەورەکان کە وا دەکەن مێژوو کۆتایی بێت، کەواتە ئەوە بێزاری نییە هەمیشە جوانە، بەڵکوو خودی جوانییە، هەمیشە جوانە کە لەنێو بێزارییەکاندا پێی دەگەین.

لای شاعیرێکی وەک (بۆدلێر)، بێزارییەکان

سەرچاوەن بۆ ئیستێتیکای شیعری، لە یەکەمین ساتی هاتنی ئیستێتیکای نێو شیعرەکاندا، هەست بە بێزاریی بەردەوام دەکەین، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە، ئیستێتیکای هاتووی نێو دەقەکانە، کە هەر ئەوانیش وا دەکەن شیعری شاعیر تا سەدە و نیوێک بمێنێتەوە، بە جۆرێک مرۆڤ سەرسام دەبێت کە چۆن ئەو ماوە زۆرە بەسەر شیعرەکاندا تێپەڕیوە.

**((لەسەر خاکێکی چەور و پڕ قاقلە جنۆکە**
**دەمەوێ چاڵێکی قووڵ هەڵکەنم،**
**بۆ ئەوەی بە کەیفی خۆ ئێسقانە کۆنەکانم هەڵخەم،**
**هەروەک کۆسە ماسییەکان قووڵایی ئاو لەنێو فەرامۆشیدا بنووم.**
**قینم لە وەسیەت و قینم لە گۆڕە،**
**لەجیاتی ئەوەی بە تەمای فرمێسکی خەڵکی بم،**
**چاترە داوەتی قەلەڕەشکەکان بکەم**
**بۆ ئەوەی بەرینە لەشی پیسە خوێناوییەکەم.**
**ئای کرم! یاوەری سیا، بێ چاو و بێ گوێ**
**ئەوە مردوویەکی ئازا و شادمانتان بۆ هات))**
(قەسیدەی مردوویەکی شاد)

لەو پارچە شیعرەی سەرەوە، دیسانەوە هەست بە بێزاریی گەورە دەکرێت، بەڵام ڕاستەوخۆ نەخراوەتەڕوو، بەڵکوو لە بەرگێکی ئیستێتیکیدا خراوەتە ڕوو. خاکی پڕ لە قاقلە جنۆکە، ئاماژەیە بۆ خاکێکی پڕ لە تەنگژە کە وا دەکەن کەسێک چاڵێکی قووڵ هەڵکەنێ و ئێسکەکانی خۆی تێبکات و وێنای خۆی بچوێنێت بەو ماسییانەی لە قوڵاییەکاندا دەخەون و هەموو شتێک فەرامۆش بکات، ئەو کەسە دەیەوێ خۆی بخاتە نێو وەها دۆخێکەوە و فەرامۆشی قووڵ هەڵبژێرێ.

دیسانەوە ئەو کەسە کە یەکەم کەسی قسەکەرە، بێزاریی خۆی دەخاتە ڕوو، وەلێ لە بەرگێکی ئیستێتیکی نەک ڕاستەوخۆ. ئەو بێزارە لە وەسیەت و گۆڕ، وەلێ هەر مەرگیش هەڵدەبژێرێ، نائومێدی و بێزاریش لە خەڵکی و فرمێسکەکانیان، داوەتی قەلەڕەشەکان دەهێنێت کە گوزارشتن لە تاڵیی ژیان، بۆ ئەوەی بێن و کۆتایی بە هەموو شتێک بێنن. لە کۆتاییشدا ئەو کەسە کە دەمرێ شادمانە، لە کاتێکدا لە ژیاندا بێزار و ڕەنجەڕۆ بوو. لای (نیتشە) بوونی جیهانی واقیعی تەنیا وەک دیاردەیەکی ئیستێتیکی شایانی گریمانە و ئیحتیمالە. ژیان لەو ئاستە ئیستێتیکییەدا توانایی تێرکردنی حەزی مرۆڤی نییە، بۆیە مرۆ هەمیشە دەیەوێ بە باڵاتر بگات و تێیپەڕێنێ، ئەدەبیش دەرگەکەیە و مومکینبوونی ژیانیشە، ئەوە ئەدەبە پشت بەستە بە خولقاندنی حەقیقەتی نەشئەبەخشەوە و هانی مرۆڤ دەدات خۆی بسەپێنێت.

خەونی (نیتشە) ژیانێکی باڵا بوو کە تێیدا شتەکان بە بارێکی تایبەتدا دەڕۆن، ئەوەی لە شیعرەکەدا بەدی دەکرێ، هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە ژیانێکی باڵا و بە بەختەوەری لە ڕێگەی مەرگەوە، شاعیر مەرگ دەکاتە ڕێگەی گەیشتن بە ژیان، مەرگ بۆ ئەو ژیانە و تاقە ژیانیشە کە شاعیر تاقەتی ئەوەی هەبێت تێیدا هەست بە بێزاری نەکات و ئیستێتیکای دەستکەوێ. مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ژیانێکی باڵا و جوان، بیری مردن ناکاتە هەموو بەشەکانی ژیانی و نایکاتە وێستگەی سەرەکیی دابەزین و مانەوە، وەلێ هەر مرۆڤیشە بیری مەرگ و خۆکوشتن و ئەوی دی کوشتن دەخاتە ڕوو.

لەنێوان دوو وێنای مرۆڤدایین، وێنای یەکەم مرۆڤێکە دەیەوێ لە ڕێگەی پەراوێزخستنی مەرگەوە بژی، وێنای دووەم وێنای مرۆڤێکە دەیەوێ لە ڕێگەی مەرگەوە بژی، (بۆدلێر) بەسەر ڕێگەی دووەمدا گوزەر دەکات و ئەویان هەڵدەبژێرێ.

**(( منداڵ کە شەیدای نەخشونیگارە، لای ئەو**
**جیهان بریتییە لە خولیا بەرهەڵداوەکانی، تەنیا.**
**ئاخ! لەژێر ڕووناکی چرادا دنیا چەند گەورەیە!**
**لەچاو یادەوەریشەوە چەندێک بچووک!**

**سپێدەیەک، سەر بڵێسە، سەرهەڵدەگرین**
**دڵ هەڵپەنماوی ڕق و هەوەسی تاڵ، دەڕۆین**
**شوێن پێی ئاهەنگی شەپۆلەکان دەکەوین**
**ئارەزوو بێکۆتاییەکانمان لە دوماهیی دەریاکاندا**
**دەنێژین))** (قەسیدەی سەفەر)

ئەم جارە هانا بۆ منداڵ دەبرێ و دیدی ئەو بۆ جیهان دەخرێتە ڕوو، بەوەی لای ئەو جیهان بریتییە لە خولیا بەرهەڵدراوەکان بەهۆی کەمی ئەزموونی ژیان و یادەوەرییەوە، لەوێوە قسە دێتە سەر کەسی قسەکەر و ئەو لەجیاتی خۆی و کەسانێکی تریش بڕیاری سەرهەڵگرتن دەدات، بڕیاری ڕۆیشتن دەدات، ڕۆیشتن بەدوای ئاهەنگی شەپۆلان، وەلێ ئەو سەفەرە سەفەری چێژ نییە، واتە سەفەرێک نییە بۆ گەیشتن بە چێژی سەفەر، ئەوەتا کەسی سەفەرکەر بەر لە سەفەر، ئارەزووە بێکۆتاکانی دەخاتە نێو دەریاوە. دەشێ ئەو سەفەرە بێ ئارەزووە سەفەری مەرگ بێت. مەرگ بۆ زۆر کەس هیچ نییە بێجگە لە سەفەر، بۆ (سۆکرات)یش هەروا بوو. ئەو بۆیە بەو سەفەرە مەحکوم کرا، گوایە لاوانی گومڕا کردووە. مەرگی (سۆکرات) بێزاریی ئەو نەبوو، بەڵکوو جوانی ئەو بوو.

ئەو خۆی مەرگی هەڵبژارد، لە بارێکدا دەیتوانی ڕابکات و ژیان هەڵبژێرێ، بۆ ئەو مەرگ بەختەوەری بوو، ماهیەت و کەسایەتی ئەویش لە ئاست مردندا لە دادگەییەکەیدا دەرکەوت، کاتێ وتی خراپە لە مەرگ توندترە و من کەوتوومەتە چنگی مەرگەوە، بەڵام داخوازانی مەرگی من تووشی خراپە هاتوون. لەوێدا مەرگ بۆ دوو بەش دابەش دەبێت، لەباری یەکەمدا واتای کۆتایی ئەبەدییە، لەباری دووەمدا مەرگ واتای سەفەر دەدات، سەفەری ڕوح.

لەو پارچە شیعرەی (بۆدلێر)دا سەفەر وێنای سەفەری مەرگە، مردوویەک سەفەر دەکات. مرۆڤ بەبێ ئارەزوو، بە بێ حەز دەگات بە کوێ؟. دەشێ نزیکترین کەسێک کە پێی بگات مەرگ بێت، وەلێ مەرگ واتای کۆتایی نادات، لەبەر بوونی ئیستێتیکا لە مەرگدا، کەواتە ئەگەر بێزارییەکان کارێک بکەن کەسێک مردن هەڵبژێرێ، ئەوە مەرگ کۆتایی نییە، مەگەر بەر لە مردنی ئەو کەسە، ئیستێتیکای مەرگ بمرێ. سەفەری مەرگ جۆرێکە لە خۆکوشتن، وەلێ ئایا خۆکوشتن خراپەیە، یان باشەیە؟ ڕەخنەی (شۆپنهاوەر) لە جووگەرایی و زانا جووەکان لەوەدایە، خۆکوشتنیان حەرام کردووە، بەبێ ئەوەی لە کتێبەکانیاندا حەرام، یان حەڵاڵ کرابێ.

بە ڕای (شۆپنهاوەر) خۆکوشتن ڕێگرە لە بەردەم زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر ویستدا، بەڵام هەمان بۆچوونی (ئەرستۆ) و (ژان ژاک ڕۆسۆ) و (زەینۆن)ی هەیە، کە هەر کاتێک مرۆڤ لە هەموو لایەکەوە پاڵی پێوە بنرێت بۆ خۆکوشتن، ئیتر ژیان بۆ ئەو قەفەسێکی داخراو بێت، دەکرێ خۆی بکوژێ. (ئەمیل دۆرکهایم) بۆچوونێکی تا ڕادەیەک لە (شۆپنهاوەر) نزیکی هەیە.

ئەو لە کتێبی (خۆکوژی)دا، خۆکوشتن بە کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەبەستێتەوە. (فرۆید) دەیگوت خۆکوشتن سەرەتای لەدایکبوونە. ئەو جیهانبینییەی (شۆپنهاوەر) کاریگەریی لەسەر (نیتشە) هەبوو، ئەگەرچی بادە و مەی و ماددە

بێهۆشکەرەکان ڕەت دەکاتەوە و ڕایدەگەیەنێ بادە و مەی و مەسیحییەت یەک سەرچاوە کۆیان دەکاتەوە، ئەویش بێهۆشکردنی خەڵکە. ئەو کەسەی لە شیعرەکەی (بۆدلێر)دا سەفەر دەکات، نایەوێ خۆی بکوژێ، چونکە مردوو توانایی خۆکوشتنی نییە و ئەو وێنای مردوویەک سەفەر دەکات.

**ب- (بۆدلێر) و ئیستێتیکا و حەقیقەت**

وەک گوتمان (بۆدلێر) لەو شاعیرانەیە کە لە ژیانیاندا تووشی بێزاریی زۆر هاتوون و ئەو بێزارییەشیان کردووەتە ئەو پەنجەرەیەی لێیەوە سەیری ئیستێتیکا بکەن، بەڵام (بۆدلێر) حەقیقەتی پەراوێز نەخستووە و هەوڵی داوە لە چەندان ئاستەوە ڕووبەڕووی ببێتەوە، شیعری ئەویش دابڕ لە بەرکەوتن بە حەقیقەتەکانی دەوروبەر نییە، جا چ حەقیقەتی کۆمەڵگە بن، یان حەقیقەتی تاک، یان حەقیقەتی خودی (بۆدلێر). ئەوە لە خوارەوە لە ڕوانگەی چەند نموونەی شیعریی شیعرەکانی شاعیرەوە، ئەوە دەخەینە ڕوو کە چۆن شاعیر حەقیقەتی ئیستێتیکا و ئیستێتیکای حەقیقەتمان پێ دەناسێنێ، بەتایبەتی ئەگەر کەسێک بیەوێ لە شیعرەکانی شاعیر ورد بێتەوە و لە قووڵاییدا بڕیاریان لەسەر بدات، چونکە شوێنی ڕاستەقینەی ئیستێتیکا قووڵاییە، نەک سادەیی، لە سادەییشدا ئیستێتیکا دەبینرێ، بەڵام ماڵی گەورەی ئیستێتیکا قووڵاییە.

**((وتم ئەی پیاوی کردەوە نامۆ، باوکت خۆش دەوێ؟ یان دایکت، یان برات، یان خوشکت؟**

**وتی: نەخێر، چونکە باوک و دایک و خوشک و برام نییە**

**وتم: ئەی هاوڕێکانت؟**

**وتی: تۆ وشەیەک بەکار دەهێنی من تا ئێستا ماناکەی نازانم**

**وتم: نیشتمانەکەت؟**

**وتی: نازانم دەکەوێتە چ ناوچەیەکەوە.**

**وتم: جوانی؟**

**وتی: من بە خۆشحاڵییەوە حەزی لێ ناکەم))**

(دەقی نامۆ)

لەو پارچە دەقەی سەرەوەدا کەسێک زۆر بە ڕاشکاوانە حەقیقەتەکانی خۆی دەخاتە ڕوو، هەر لە حەقیقەتی دایک و باوکەوە، تا حەقیقەتی جوانی. ئەو ڕاشکاوییە وای کردووە ئەو کەسە وەک کەسێکی نامۆ دەربکەوێ، ئەو نامۆبوونەش دەکرێ بۆ دیدی بینەر بگەڕێتەوە، ئەگینا ئەوە نامۆیی نییە کە کەسێک نەزانێت دایکی خۆشتر دەوێت، یان باوکی لە غیابی ئەواندا، نامۆیی نییە کەسێک نەزانێت هاوڕێکانی کێن، کاتێ هاوڕێی نییە، هەمان شتیش بۆ نیشتمانەکەی، بۆیە نامۆیی نییە، کەسێک هیچی نییە و کەسی نییە کە حەز بە جوانی ناکات، چونکە ئەگەر تۆ بتەوێ حەز بە جوانی بکەی، ئەوە دەبێت کەسانێکت هەبن، یان شتانێکت هەبن تێیاندا بەدوای جوانیدا بگەڕێیت، وەلێ لە غیابی هەموو ئەو شتانەدا، حەزکردن لە جوانی، شتێکی بێ مانایە، لەبەر نەبوونی جوانی. ئەوانەی کەسی نامۆ باسی کردن، حەقیقەتی ئەون با سیفات و ئەخلاقی ئەویش بن.

(نیتشە) لە بابەتی سنووردارکردنی ئەخلاقدا کاریگەریی گەورەی هەبووە، ئەو زیاتر لەبارەی ئەخلاقیاتەوە دەدوێ، نەک لەبارەی تیۆری مەعریفە و سروشتی دنیا، بۆیە ئەو وەک کارەکتەرێکی ئەخلاقی لای زۆر کەس دەردەکەوێ، چونکە ئەو ڕەتکەرەوەی ئەخلاق نییە، ئەگەرچی ڕەخنەگری ئەخلاقە، ئەو ڕەخنە لە ئەخلاقی

باوی کۆمەڵگەکەی دەگرێ و بنەمای ئەخلاقیی تایبەت بە خۆی دەخاتە ڕوو کە لە باشە و خراپەدا خۆیان دەبیننەوە. کەسی نامۆش کە لەو دەقەی (بۆدلێر)دا هاتووە، دەیەوێ لە ڕێگەی دەرخستنی حەقیقەتی خۆیەوە، ڕەخنە لە ئەخلاقی باوی کۆمەڵگە بگرێ، لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی جوانییەوە، جوانیمان پێ ببەخشێ، کەواتە ئەوەی لە حەقیقەتی کەسی نامۆوە پێمان دەگات ئیستێتیکایە، سەرەڕای دوورکەوتنەوەی ئیستێتیکا و ئەوەشی کە کەسی نامۆ حەز بە جوانی ناکات.

مرۆڤی جوان بۆ گەیشتن بە جوانی، هانا بۆ حەقیقەتە جوانەکان دەبات و گەرەکیەتی حەقیقەتی خۆی لەوانەوە وەربگرێ، بەو ئامانجەی حەقیقەت ئەو وێستگەیە بێت مرۆڤ لێیەوە بگاتە جوانیی زیاتر، کەواتە ئێمە دەتوانین حەقیقەت بکەینە کەرەستەی گەیشتن بە ئیستێتیکا، با حەقیقەتەکانیش دزێو بن.

**((سەعات دوازدەی شەو لێ دەدات،**
**بەگاڵتەجارییەوە دەمانخاتە ژێر لێپرسیارییەوە،**
**یادمان دەخاتەوە کە چیمان کرد،**
**ئیمرۆ لە ڕۆژهەڵاتەوە:**
**- ئیمرۆ، کاتێکی شووم،**
**هەینی، سیازدەی مانگ،**
**سەرەڕای هەموو شتێک**
**شەمەندەفەری بیدعەمان هێنا.**
**کفرمان بە مەسیح کرد،**
.
.
.
**جوێنمان بە هەرە خۆشەویست دا**
**هەڵشاخاین بەو کەسانەی کە تووڕیان هەڵداین))**
(قەسیدەی: تاقیکردنەوەی نیوەی شەو)

لەو پارچە شیعرەشدا (بۆدلێر) هاوشێوەی پارچەی یەکەم، بەشێک لە حەقیقەتەکان دەخاتە ڕوو، بە بوێری. ئەو باس لە حەقیقەتی کەسانێک دەکات و حەقیقەتی خۆشی بە ئەوانەوە دەبەستێتەوە، هەر لە حەقیقەتی هێنانی شەمەندەفەری بیدعە و کوفرکردن بە مەسیحەوە بیگرە، تا دەگاتە حەقیقەتی جوێندان بە خۆشەویستان و هەڵشاخان بە کەسانێکدا. ئەو ڕاشکاوییە لە دەربڕینی حەقیقەتدا، وای کردووە بە ئیستێتیکای دەق بگەین و شیعرەکە جوانییەکی تازەمان پێ ببەخشێ، سەرەڕای دزێوی حەقیقەتەکان، کەواتە حەقیقەتەکان ناشرینن، بەڵام جوانییەکان لەوانەوە سەرچاوە دەگرن.

**بەشی دووەم:**

**ئیستێتیکا لە شیعرەکانی (سوهراب سپێهری)دا**

**(تەوەری یەکەم)**

**گومان لە ئیستێتیکا و ئیستێتیکای گومان لای (سوهراب سپێهری)**

**(ئەوین و زەمەن وەک دوو وێستگەی پڕ لە گومان)**

(سوهراب) یەکێکە لەو شاعیرانەی بەردەوام لە شیعرەکانیدا بوون و نەبوونی شتەکان دەخاتە ژێر تیشکی گومانەوە، ئەو کردارەش ئیستێتیکای شیعری، لە شیعرەکانی شاعیردا دەردەخات، بە جۆرێک گەورەبوونی گومانەکان لە تێکستەکاندا، دەبنە دەرخەری جوانییە گەورەکان کە لە گومانی گەورەوە هاتنە کایەوە.

هەمیشە گومانی یەکەم، گومانی تر دروست دەکات، ئیستێتیکای یەکەم، ئیستێتیکای دی دروست دەکات و دەبنەوە تەواوکەری یەکتری. کۆکردنەوەی گومانەکان لە تێکستێکی شیعریدا، دوو فۆرم لە جوانی دەخوڵقێنێ: (ئیستێتیکای

شیعری و ئیستێتیکای فیکری)، وەلێ ئیستێتیکای شیعری لەو ئاستەدا سەرەکییە و ڕۆڵی ماڵ دەبینێت و لەخۆگری ئیستێتیکای دووەمە.

بوونی دوو جوانی، هاوزەمانە لەگەڵ بوونی دوو گومان، یان زیاتر، لەوانەیە لەنێو ئەو گومانانەدا گومانی تێدابێ لە بەرانبەر خودی ئیستێتیکا (گومان لە ئیستێتیکا). دەشێ گومان مرۆڤ هان بدات بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە واقیع بگۆڕێت و ئەو لەمپەرانەشی دێنە بەردەمی، بە چەکی گۆڕین وەڵامیان دەدرێتەوە.

گومان دەسەڵاتی گۆڕینی هەموومانی هەیە و بۆ خۆشی دۆخێکی جێگیری نییە و قابیلی گۆڕانە. بینینی جەوهەری گومان ئیشکردنە لەسەر مرۆڤێک قبووڵی نییە بە ئاسانی و لە ناشوێندا ببێتە مرۆڤێکی کۆمپیووتەری.

دەشێ گومانکردن سەلمێنەری بوون بە مرۆڤی مەزن بێت، تەنانەت ئەگەر شێتیشی لێ بکەوێتەوە. (فۆکوو) لە کتێبی (دیرۆکی شێتی)دا پرسیارێکی کاریگەر دەخاتە ڕوو کە قسەکردنە لەبارەی ئەو کەسانەوە شێت بوون، ئەو دەپرسێ: بۆچی مرۆڤە مەزنەکان وەک (نیتشە) شێت بوون؟ شێتیی (نیتشە) و (ڤان کۆخ) و (ئارتو) بە بەرهەمەکانیانەوە بەستراونەتەوە و شێتیی (نیتشە) بۆ زانینی ڕەهای ئەو گەڕێنراوەتەوە، بەوەی وەها زانینێک مرۆڤ شێت دەکات. لەوێدا زۆربەی ئەو بەرهەمانەی لە جیهانی مۆدێرندا زەمینە بۆ شێتبوون دەرەخسێنن، دابڕانی نێوان هونەرمەندە داهێنەرەکانی ئەو بەرهەمانە لەتەک جیهانی ڕاستەقینەدا ناسەلمێنن.

دەتوانین (ژیل دولۆزیش) بکەین بە نموونە، لای ئەو، ئەو کەسەی لە کەشی خۆی دوور دەکەوێتەوە، تووشی شتێک دەبێت پێی دەڵێن



سوهراب

شیزۆفرینیا، ئەمەش هەمان شتە کە دەیداتە پاڵ (نیتشە) و دەرەنجامیش قەیران و وڕێنە دەبێت.

بێ گومانیی گومانکردنی زۆر، لە پشت شێتبوونی بیرمەندانەوەیە، کەواتە ئێمە ئێستا لەنێوان دوو فۆرمداین لە گومان، فۆرمی یەکەم مژدەبەخشە و هێورکەرەوەی عەقڵە، ئەوەی دووەمیان بکوژی عەقڵە کە (فۆکوو) بە مرۆڤە گەورەکانەوە دەیبەستێتەوە، بەوەی بیرمەندان بۆیە شێت دەبن، چونکە مەزنن.

هەڵبەت شێتبوون دوا وێستگە نییە، چونکە بۆچوونێک هەیە پێی وایە شێت لە لووتکەی مەعریفەدایە، بەوەی هەست بە مەعریفەیەک دەکات کەسانی ئاسایی هەستی پێ ناکەن، ئەگەرچی من بۆ خۆم لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نیم و بە وێستگەیەکی تری شێتبوونی دادەنێم، بەڵام هێشتا ئەو وێستگەیەشیان دوا وێستگە نییە. گومانی (سوهراب سپەهری) لە خۆگری هەردوو فۆرمە.

لە هەندێک شوێنی شیعرەکانیدا، گومانی

(سـوهراب) وای كـردووه شـاعیر ببێتـه خاوەنـی ئاگایـی زیاتـر و لـه نائاگایـی دووركەوێتـەوە، وەلـێ لـه هەندێـك شـوێنی تـری شـیعرەكانیدا، شاعیر ئـەو ئاگاییـه لـه دەسـت دەدات شـێتانه لـه بەرانبـەر ئـازار و نەهامەتییەكانیـدا دەتەقێتـەوە.

هـەر گومانی گـەورەی نێـو قەسـیدەی شاعیریشـه وا دەكات بڵێیـن: قەسـیدەی (سـوهراب سـپێهری)، یەكێكـه لـه قەسـیده فـره دیـو و نـاوەرۆك و ئاسـتەكان، ڕەخنەگـر لـه ئانـی قسـەكردن لەسـەر ئـەو قەسـیدەیە، بـەر ئـەو فرەییبوونـه دەكـەوێ. دەرەنجامـی ئـەو فرەییبوونـه بریتییه لـه لەدایكبوونی فیكرێكـی فرەئاراسـتەی شـیعری، ڕەخنەگـر بـه پشت بەسـتن بـەو فیكره، قسه لەسـەر تێكستێكی شـیعری دەكات كـه پنتـی فیكـری تێدایـه، دواتـر هـەر ئـەو فیكره ڕەخنەگر ئاراسته دەكات و وێنـای تێكسـتی بـۆ دیـاری دەكات.

**تێكستەكانی (سوهراب) وێنایەكی دیاریكراویان نییـه، دەشـكرێ بڵێین:**

زۆربـەی تێكستەكانی دنیـا، بەتایبەتـی تێكسته ئەدەبییـەكان، تاقه وێنایەكیـان نییـه و بـه مەیل و تێڕوانینـی خوێنـەرەوە بەسـتراونەتەوە، واتـه ئـەوە خوێنـەره شـێوە و وێنـا بـه تێكسـت دەبەخشـێ، وەلـێ ئـەوەی ئـەو تێكسـته جیادەكاتـەوە، فرەوێناییـه لای تاقه وێنایـەك كـه خـودە.

خـود (منـی نووسـەر) بـۆ قسـەكردن لەسـەر تاقه تێكسـتێكی شیعری، بـەر وێنـای جیاواز دەكـەوێ كه هەموویـان گوزارشـتن لـه قەسـیدەكە، هەڵبژاردنـی یەكێـك لـەو وێنایانـە، نابێتـه هـۆی مردنـی وێناكانـی تـر، سـەرەڕای زۆری وێنـاكان، دەشـێ كـۆی وێنـاكان لـه بازنەیەكـی دیاریكـراودا كۆبكەینـەوە، كـه بازنەیەكه ئـەو فیكره سـنووری دیاری دەكات، لـه سـەرەوەدا باسـمان كـرد (فیكرێكـی فرەئاراسـتەی شـیعری).

بەسـتنەوەی (سـوهراب) بـه (مەولانـا) لـه بابەتـی فیكـردا دروسـت نییـه، چونكـه ئـەو یـەك پارچەییـەی فیكر كه لای (مەولانا) هەیـه، كەمتر لای (سـوهراب) تێبینـی دەكـرێ، ئەمـەش بـۆ ئـەو گەمـه شـیعرییە بەردەوامـەی (سوهراب) دەگەڕێتەوە كـه لەگـەڵ وشـەكانی دەكات. ئەگـەر بمانـەوێ قسـه لەسـەر شـیعری (مەولانـا) بكەین، دەبێت ڕاسـتەوخۆ بـۆ فیكـری (مەولانـا) خـۆی بگەڕێینـەوە، وەلـێ بـۆ قسـەكردن لەسـەر شـیعری (سـوهراب)، دەكـرێ بـۆ فیكـری ئەوانـی تـر بگەڕێینـەوە، ئەمـەش هـەر ئـەو كارەیـه كـه لـەو لێكۆڵینەوەیـەدا دەیكەیـن.

(سـوهراب) هەندێـك جـار لـه بوونگـەراكان نزیك دەكرێتـەوە، بـەوەی كـه لـه تێكسـتی شـیعریدا لەسـەر بابەتـی بـوون كاری كـردووە، ئەمـەش بەڵگەیـه لەسـەر ئـەو قسـەیەی كردمـان:

هەڵەیـه (سـوهراب) بـه (مەولانـا) بچوێنین، وەك ئـەوەی (د. سـیروس شەمیسـا) لـه لێكۆڵینـەوەی (موسـافیرێك وەك ئاو)دا باسـی دەكات.

**( (نیگای كابرای موسافیر كەوتە سەر مێز:**
**«ئای لەو سێوانە چەند جوانن!**
**ژیان نەشئەی تەنیاییە»**
**خانەخوێ پرسی:**
**جوان یانی چی؟**
**– جوان یانی دەربڕینی عاشقانەی شێوەكان**
**عیشقیش.. بە تەنیا عیشق**
**تۆ بە گەرمی سێوێ ئاشنا ئەكا.**
**عیشقیش.. بە تەنیا عیشق**
**منی گەیاندە دەڤەری بەرینی حوزنی ژیان**
**وای لێ كردم بتوانم ببمە باڵندە.))**